# هەرکەسێک باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەیە ئەوا با ڕێز لە میوانەکەی بگرێت وپاداشتی شایستەی پێ ببەخشێت، ووتیان: پاداشتی شایستە چییە؟ ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: ڕۆژ وشەوێک (بە جوانترین شێوە خزمەت)، ومیوانداری سێ ڕۆژە، وئەگەر لەوە زیاتر بێت ئەوا خێرێکە پێی دەبەخشرێت

لە ئەبی شورەیح خوەیلد کوڕی عەمروی خوزاعی -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەیە ئەوا با ڕێز لە میوانەکەی بگرێت وپاداشتی شایستەی پێ ببەخشێت، ووتیان: پاداشتی شایستە چییە؟ ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: «ڕۆژ وشەوێک (بە جوانترین شێوە خزمەت)، ومیوانداری سێ ڕۆژە، وئەگەر لەوە زیاتر بێت ئەوا خێرێکە پێی دەبەخشرێت». ولە گێڕانەوەیەکدا: «حەڵاڵ نییە بۆ مسوڵمانێک کە بمێنێتەوە (بۆ ماوەیەکی زۆر) لەماڵی برایەکی بە شێوەیەک کە تووشی تاوانی بکات»، ووتیان: چۆن تووشی تاوانی دەکات؟، فەرمووی: «زیاد لە پێویست لە ماڵەکەیدا دەمێنێتەوە هەتاوەکو هیچ شتێکی نامێنێت بۆ ئەوەی خزمەتی بکات».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری بە هەردوو ریواتەکەی]

فەرموودەی ئەبی شورەیحی خوزاعی -ڕەزای خوای لێبێت- بەڵگەیە لەسەر ڕێزگرتن وخزمەتکردنی میوان، لە پێغەمبەرەوە هاتووە -صلى الله عليه وسلم- کە فەرموویەتی: (هەرکەسێک باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەیە ئەوا با ڕێز لە میوانەکەی بگرێت): ئەمیش لە ڕوانگەی ئامۆژگاری وهاندانە بۆ ڕێزگرتن لە میوان، واتا ڕێزگرتن لە میوان لە نیشانەی کامڵی ئیمانە بە خودا وڕۆژی دوایی. هەندێک شێواز وڕێگای ڕێز گرتن لە میوان: ڕوو خۆشی بەرامبەری، وقسەی جوان وشیرین، وخزمەتکردنی بە خواردن وپێداویستیەکان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بە پێی توانا بۆ ئەوەی قورسی نەخاتە سەر خودی خۆی ومیوانەکەش، وئەگەر لە سێ ڕۆژ زیاتر مایەوە ئەوا ئەوەی پێی دەبەخشێت وەکو خێرێک وایە، وئەگەر بیەوێت دەتوانێت خزمەتی بکات وئەگەریش نەیەوێت ئەوا گوناهبار نابێت ئەگەر خزمەتی نەکات چونکە سێ ڕۆژی تێپەڕاند. پاشان دەفەرموێت: (وپاداشتی شایستەی پێ ببەخشێت، کە ڕۆژ وشەوێکە -بە جوانترین شێوە خزمەت-، ومیوانداری سێ ڕۆژە): زانایان دەڵێن/ مەبەست لە پاداشتی شایستە بریتیە لە خزمەتکردن وگرنگیدان بە شێوەیەکی زۆر جوان، ودەربڕینی ئەوپەڕی چاکەکاری وخێر بەرامبەری، ولە ڕۆژانی دووەم وسێیەمدا بە پێی پێویست خزمەتی دەکات هەروەکو حاڵەتی ئاسایی، ولە سەرووی سێ ڕۆژەوە بە خێرکردن دادەنرێت وئەگەر خزمەتی بکات ولە توانایدا هەبوو کارێکی باشە وئەگەرچیش خزمەتی نەکات ئەوا گوناهبار نابێت چونکە سێ ڕۆژی تێپەڕاندووە. ولە گێڕانەوەی -مسلم- دا: (حەڵاڵ نییە بۆ مسوڵمانێک کە بمێنێتەوە -بۆ ماوەیەکی زۆر- لە ماڵی برایەکی بە شێوەیەک کە تووشی تاوانی بکات-): واتا دەبێت میوان لە پاش سێیەم ڕۆژ ماڵەکە جێبهێڵێت چونکە ئەگەر وا نەکات لەوەیە خاوەن ماڵ تووشی تاوان ببێت؛ چونکە لەوەیە غەیبەتی بکات وبە خراپە باسی بکات، یان لەوەیە خاوەن ماڵ تووشی زیان بکات، یان لەوەیە گومانی خراپ ببرێت بەم جۆرە میوانە، هەموو ئەمانە ئەگەر لە سێ ڕۆژ زیاتر مایەوە لە میونداری بە بێ ئەوەی خاوەن ماڵ زۆری لێبکات.وئەوەی کە پێویستە بزانرێت ڕێزگرتن لە میوان دەگۆڕێت بە پێی حاڵی میوانەکە، کەسی وا هەیە گەورەی بنەماڵەیەکە یان پیاوێکی خاوەن ڕێزێکی بەرزە لە نێو خەڵکیدا؛ ئەوا ئەمە دەبێت بەو شێوەیە میوانداری بکرێت کە شایستەیە، وکەسی وا هەیە کە حاڵی مامناوەندە بۆیە بەو شێوەیە میوانداری دەکرێت کە شایستەیە، وکەسی وا هەیە لە خوار ئەمانەی پێشووە.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee